# ناسیۆنالیزمی عەرەب

نووسینی: **هیلل فریش**

لە ئینگلیزییەوە بۆ فارسی: **هورمز هومایونفەر**

لە فارسییەوە بۆ کوردی: **مووسا باباخانی**

لانیکەم پاش جەنگی دووەمی جیهانی، هیچ کام لە ئایدیۆلۆژیستەکانی ناسیۆنالیزم بەڕادەی ناسیۆنالیزمی عەرەب، پێوەندییان لەگەڵ کێشە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکانەوە نەبووە. لە کانوونی یەکەمی 1956 کە "جەمال عەبدولناسر" دەستی کرد بە خۆماڵیکردنی کاناڵی سوێس، بۆ پاساو هێنانەوەی ئەم کارەی خۆی، کەڵکی لە ناسیۆنالیزمی عەرەبی وەرگرت. ناسیۆنالیزم لەسەردەمی شەڕی سارد، لە کێشە و مشتومڕی نێوان وڵاتانی زێدەخوازی ئەوکاتەدا ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەبوو، هەر لەو سەردەمەدا ئەمریکا بە بیانوی پشتیوانیکردن، دەستێوەردانی سەربازی لە لوبناندا کرد.

لە شەڕەکانی 1948، 1967 و 1973ی نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا, ناسیۆنالیزم بۆ سازدان و ئامادەکردنی خەڵک و بیروڕای گشتیی عەرەبی، ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕا. پێدەچێ گرنگترین هۆکار بۆ سەلماندنی کاریگەری گشتگیرانەی ناسیۆنالیزمی عەرەب، ئەو مشتومڕانە بن کە لە سەرەتاوە درێژەیان هەبووە. ئێستا پتر لە دوو دەیە لەو سەردەمە تێدەپەڕێ، کە "فوئاد عەجەمی" لە وتارێکدا لە "فۆرن ئەفێرز" ڕایگەیاند، ناسیۆنالیزمی عەرەب مردووە. بەڵام هێشتا باس و خواسی بێئاکام سەبارەت بە هەرەسهێنانی ناسیۆنالیزمی عەرەب بەردەوامە.

ناسیۆنالیزمی عەرەب، لە ڕاستیدا لە بەشێکی گەورەی مێژووی خۆی زیاتر، بۆ ئەوە کەڵکی لێوەرگیراوە کە پێویستیی بوونی یەکەیەکی سیاسیی گەورەتر لە وڵاتانی ئێستای عەرەبدا، پاساو بدا، دیارە دیسان بە ناچاری لەگەڵ بەشێک لە هەلومەرجی سیاسی خۆی لێکدژی بووە. لە سەردەمێکدا کە ناسیۆنالیزمی عەرەب لە بواری ئایدیۆلۆژییەوە بە لوتکەی پەرەسەندن و دەسڕۆیی‌شتوویی خۆی گەیشت، وڵاتانی عەرەبنشین سەریان هەڵدا، کە لە ڕاستیدا خاڵی بەرانبەر بە ناسیۆنالیزمی عەرەب بوون و سەیرتر ئەوەیە، کە جێگرتن و خۆڕاگریی وڵاتانی عەرەب بە ڕێبەری کەسانێک وەدیهات کە لە دروشمی نەتەوەخوازی کەڵکیان وەردەگرت و ئێستاش هەر ئەو پرسیارانە بێ وەڵام ماونەتەوە.

وڵاتگەلی عەرەب، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات (ڕۆژهەڵاتی عەرەبی) واتە ئوردون، لوبنان، سووریا و عیراق، کە لە بواری جوگرافی و شوێنی سەرهەڵدانی ئامانجی یەکێتیی عەرەب و سەرچاوەی لەتلەتبوونی ئەو ناسیۆنالیزمەن، ئایا بەو قۆناغە لە سەقامگیری گەییشتوون کە ناسیۆنالیزمی عەرەب

وەک شێوەیەکی دیکەی پان ـ ناسیۆنالیزم لە ناوچەکانی دیکە، بێ کەڵک بە ئەژمار بێت؟ ئێستا شێوەیەکی ناوەنجیتر لە ناسیۆنالیزمی عەرەب دەتوانێ وەک یەکێتیی ئەورووپا، وەک کەرەستە، چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆژی لە ڕەوتی تێکەڵبوونی هەنگاو بەهەنگاو و لەسەر بنەمای وڵاتگەلی نیشتمانی بەقازانج بێ.

**1. بنەماکانی ناسیۆنالیزمی عەرەب:**

لەم بارەوە هێشتا کۆتایی بەو باسانە نەهاتوون، کە بنەما ئایدیۆلۆژییەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەب چین و سەرچاوەی ناسیۆنالیزمی عەرەب وەک بزووتنەوەی سیاسی کامانەن؟ ئایا ناسیۆنالیزمی عەرەب بە هۆی کەمینە مەسیحییەکانی لوبنان و سوریەوە، کە مەیلی زیاتریان بە پەرەسەندنی عەرەب هەبوو، سەریهەڵدا؟ یان لە ڕەوتی زیندووبوونەوەی ئیسلامی سیاسیدا سەریهەڵدا؟ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب دەبێ ویستی بژاردە و بیرۆکراتی عەرەب بێت؟ کە قازانجی خۆیان لە مانەوەی ئیمپراتۆری عوسمانیدا بەدی دەکرد؟ ئەو دەوڵەتەی کە لە سەدەی 16هەمەوە کاریگەری جۆراوجۆر و کارایی دەسەڵاتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبوو، یان ئەوەی پەرەسەندنی ئەو دەبێ پێوەندی بە گرووپگەلی کۆمەڵایەتیی تازە وک ژوورنالیست، مامۆستا و ئەفسەرانی سوپاوە هەبێ، چونکە لەو ئیمپراتۆرییەدا شوێنێک بۆ تێکۆشان و بەردەوامبوونیان نەبوو.

تاوتوێکردنی بنەما فیکرییەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەب، بەو ئاکامە دەگا، هەندێک لە نوێخوازانی ئیسلامی، وەک هزروانی ئێرانی جەمالەددین ئەسەدئابادی (ئەفغانی)، قوتابییە مسیرییەکەی محەمەد عەبدە، قوتابی عەبدە، ڕەشید محەمەد ڕەزا (1865ـ 1935) کە لە دمشق لەدایک بوو و پاشان چووە میسر، هەروەها عەبدولرەحمان کەواکبی (1849ــ1903) لەم بارەوە کاریگەریان هەبووە. لانیکەم یەکێک لە توێژەرانی هەرە گەورەی ناسیۆنالیزمی عەرەب، واتە سیویا جیم، لەو باوەڕە دایە، کە جەمالەددینی ئەسەدئابادی و محەمەد عەبدە، پێش ئەوەی نەتەوەخوازبن، پان-ئیسلامیست بوونە. تەنانەت کەسایەتییەکی هزروان، دەسڕۆییشتوو و نوێخوازی ئیسلامی واتە ڕەشید ڕەزا، کە پاش کەواکبی هات، هەرچەند عەرەبەکانی بۆ سەربەخۆیی هاندەدا، ئەم هەوڵانەی بە ئامانج نەدەزانی، بەڵکو ئەو سەربەخۆییەی لە چوارچێوەی "سەلەفییەت"دا دەدی، کە بۆ زیندووکردنەوەی ئیسلام پێویست بوو، لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە عەرەبەکان تەنیا لە چوارچێوەی نەتەوەیەکی سەربەخۆدا دەتوانن ئەو ئامانجە وەدی بێنن.

بەم شێوەیە باشتر وایە ناسیۆنالیزمی عەرەب لە ڕێگەی هزروانانی سێکولاری عەرەبەوە بدۆزینەوە، وەک رافیعە تەهتاوی و مامۆستایانی مەسیحی عەرەبزمان لە لوبنان و سوریە، کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆتر لەژێر کاریگەریی فیرکاریی میسیۆنێرە ئایینییەکان وەک نەسیف یازەچی و پوترس ئەلبوستانی (1818ــ1883)دا بوون. ئەوە نجیب ئائازویی (1916 کە کۆچیکرد) هزروانی مەسیحی بوو، بۆ یەکەمین جار تاریفی سەربەخۆیی عەرەبی وەک ئامانجێکی باو، هێنایە بەرباس و ساڵی 1905 بۆ زیندووکردنەوەی نەتەوەی عەرەب، ئیمپراتۆری عەرەبی وێنا کرد . هەر بۆیە ئەم بیرە ناڕاستە کە

پێش 1908 تەنیا کەمینە مەسیحییەکان بوون تەواو کاتی خۆیان بۆ ناساندنی بنەماکانی شوناسی نەتەوەیی عەرەب دەبردەسەر، بە پێچەوانەوە، ژمارەیەکی زۆر کۆمەڵەی کولتووریی ئیسلامی پێکهات، کە هاندەر و بڵاوکەرەوەی زمانی عەرەبی و یەکگرتنی کولتووری جیاوازی عەرەبەکان بوون.

**2. داخوازی سیاسیی ناسیۆنالیزمی عەرەب:**

یەکەمین فۆرمی ناسیۆنالیزمی عەرەب پتر لە یەک نێوەرۆکی عەرەبی هەبوو. بەشێک لە توێژەران لەسەر ئەو باوەڕەن، بنەچەکەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی وەک دیاردەیەکی سیاسی بۆ محەمەد عەبدولوەهاب دەگەڕێتەوە، کە لە ساڵانی (1703ـ 1791) لە ناوچەی حیجازی عەرەبستانی سعوودیدا ژیاوە. بەشێکی تر یەکەمین سەرهەڵدانی ئاواتی نەتەوەیی عەرەبیان بە سەردەمی دەسەڵاتی (1805ـ 1845محەمەدعەلی)یەوە لە میسر گرێداوە. محەمەدعەلی کە لە تورکەکانی ئالبانی و ئەفسەرانی سوپای نێردراوی عوسمانی بوو لە میسر، لە نێوان ساڵەکانی 1805ــ 1818دا بە پلەی (خدیوی) بەدەسەڵات گەییشت و دامەزرێنەری زەنجیرە دەسەڵاتێک بوو لە ژێر ئینتدابی بەریتانیادا، کە تا رووخانی بە هۆی ئەفسرانی ئازاد لە ساڵی 1953 لە دەسەڵاتدا مایەوە. ئەوە یەکەمین دەسەڵاتداری میسر بوو دەستی دایە بەمۆدێرنکردنی وڵات بەتایبەت لە سوپا و پیشەسازی و وەرزێڕیدا. بە وتەی بسام تیبی، کە لە زمانی ئیبراهیم پاشا، کوڕی گەورەی (جێگێری محمدعەلی)ییەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: "من تورک نیم. کاتی هاتنم بۆ میسر تەمەنێکی وام نەبوو و لەو کاتەوە، هەتاوی میسر خوێنی منی گۆڕی و بە تەواوی بووم بە عەرەب" لەگەڵ هەموو ئەوانە جێگری ئەو، عباس حلمی، باوکی مەلیک فاروق ئاخرین پاشای میسر، پاش100ساڵ بە دژواری دەتوانێ بە عەرەبی بدوێ. تێگەییشتن لە عەرەببوون و خۆ ناساندن بەو ناوە نەک وەک موسڵمانێکی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی، پێدەچێ زیاتر پەرچەکردارێک بێت لە بەرانبەر یەکەم سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی تورک و ئەو سیاسەتانەی کە دەسەڵاتدارانی نوێی ئیمپراتۆری عوسمانی، واتە کۆمیتەی (اتحاد و ترقی) لە ساڵی 1908دا رەچاویان کرد.

دەسەڵاتدارانی عوسمانی کە سەرکەوتن، ئاڵمانی ژێردەسەڵاتی پرۆسیا کاریگەری لەسەر ئەوان دانابوو، بەرادەیەکی زۆر لەو باوەڕەدا بوون، باشترین رێگە کە بتوانێ ئیمپراتۆریا بەرەو کزبوون بەرێ، ئەوان رزگار بکا و ببێ بە دەسەڵاتێکی سەردەمیانە و هێزی بەربەرەکانێی لەگەڵ نەیارانیدا هەبێ، دەبێ شوناسی ئەوان لەسەر بنەمای زمان، کولتور، رەگەزی هاوبەش (لەوانە رەگەزی تورک) هەروەها بەرێوەبەری ناوەندگەرای هەبێ. یۆنان و دەوڵەتگەلی باڵکان لە رۆژئاوا، روسیا لە باکووری رۆژهەڵات. لەئاکامدا، تەنانەت لە ناوچە عەرەبنشینەکانی ئیمپراتۆری، بەرێوەبەری دەسەڵات زیاتر وەبەر کەسانی بەڕەگەز تورک دەکەوت. بەپێی بەراوردکردن، بەشداریی عەرەبەکان لە دامودەزگاکان کە هیچ کات لەگەڵ حەشیمەتی عەرەبزمانی ئیمپراتۆری هاوئاست نەبوو (لە هەلومەرجێکدا زۆربەی حەشیمەتی ئیمپراتۆری لە عەرەبەکان پێکهاتبوو) لە ماوەی سێ دەیەی پێش شۆرشی 1908 تەنیا لە 40% وە گەییشتە لە 16%. لەسەردەمی دەسەڵاتی کۆمیتەی ئیتحاد و تەرەقی، ئەم رەوتە دیسان دووپات کرایەوە. لەم سەردەمەدا،

دادگا و دامودەزگاکان زیاتر بایەخیان بە زمانی تورکی دەدا تا بە ناوەندیکردنی دەربار (دیوان) ئاسانتر بێ.

پاش تێشکانی عوسمانی لە ئیتالیا و پاشەکشەی لە تریپولی لە ساڵی 1918و1912و پاش ساڵێکی دیکە لە مەکدۆنیا، کۆچبەرانی تورکزمانی تریپولی و مەکدۆنیا، بە قیمەتی وەلانانی عەرەبەکان بە هێندێک پلەی ئیداری لە دمشق و بەغدا گەییشتن. هەر ئەو هەلاواردنی ئاشکرایە بوو، کە کەمینەیەکی عەرەبزمانی ژێر دەسەلاتی ئیمپراتۆری گۆڕی و وەک عەرەب لە تورک جیاکرانەوە، بەم شێوەیە گرووپێکی گچکە لە ئەشرافی عەرەب کە ئەندامی پەرلەمان بوون، لە دەوروبەری داخوازیی ناناوەندی کۆبوونەوە، نە ئەوە کە خوازیاری سەربەخۆیی بن.

بەلام لە بەرانبەر کەمینەی عەرەبزمانەکان، ئەفسەرانی سوپا و رۆشنبیران، کە زیاتر داخوازیی کومەلایەتیی خوارتریان لە ئەشراف هەبوو، دەستیان کرد بە پێکهێنانی کۆڕوکۆمەڵەی نهێنی تا بە سەربەخۆیی بگەن، تەنانەت ئەگەر ئەم کرانەوەیە بە مانای هاوکاری لەگەڵ زلهێزەکانی رۆژئاوا بایە. سەرهەڵدانی ئەم ئەنجوومەنە کە لە 5ساڵ پاش شۆڕشی 1908 تێنەدەپەڕی، بچووکترین گومانێک بە نیسبەت هۆکاری پێکهاتنی ئەوان نامێنێتەوە. دوو ئەنجوومەنی یەکەم "کۆمەڵگەی نەتەوەی عەرەب، لاوەکان "جماعت الامة العربیة - الفتاة" یا فقت "الفتات" کە لە پاریس پێکهات و "القەتانیە" کە لە ئیستانبوڵ سەری هەڵدا. تەنیا پاش یەک ساڵ لە بەدەسەلات گەییشتن، کۆمیتەی یەکێتیی و پێشکەوتن ئاشکرا بوون.

لە ساڵی 1912، رفیق العزم، رەشید رەزا، عبدالحمید الزهراوی و سکندر عمون، رێکخراوێکی نهێنی و نیوە سەقامگیر یان لە قاهیرە پێکهێنا، کە ناوی (الحزب لامرکزیة اداریة العثمانی) بوو. ماوەیەک تێنەپەڕی، لە ساڵی 1913دا بزووتنەوەیەکی دیکە بە ناوی "العهد" پێکهات. زۆرێک لە ئەندامانی العهد و الفتات، کەسانێک وەک یاسین الهاشمی، طه الهاشمی، نوری السعید، علی جواد الایوبی و جمال لحظفایی، کە شۆڕشی 1916ی عەرەبەکان بە رێبەریی بنەماڵەی هاشمی سەری هەڵدا، ئەوانە لەو ئەفسەرانەی سوپا بوون کە لە عێراقی هاشمیدا بوونە گرنگترین سیاسەتمەدار و پیاوانی سوپا.

لەو سەردەمەدا، هەندێک هەوڵ درا بۆ راپەڕین. کۆمەڵی "بیرق سبز" بە رێبەریی داود الدبونی لە موسڵ، بەو هیوایە بوون، عبدالعزیز ابن سعود، رێبەری شۆڕشی وەهابی و دامەزرێنەری وڵاتی پاشایەتیی عەرەبستانی سعوودی، بۆ راپەڕین هان بدا. لە ساڵی 1912دا گرووپێکی دیکە کە لە 60 کەس لە پیاوانی سوپا پێکهاتبوو، زۆربەیان خەڵکی بەغدا بوون، پاش ئەوەی لە 1911 لیبیا و لە ساڵی 1912 وڵاتگەلی باڵکان لە ژێر دەسەلاتی ئیمپراتوری عوسمانی هاتنە دەرێ، هەوڵیاندا لە عێراق راپەڕینێک وەرێ بخەن. پاش ساڵێک، هەوڵێکی دیکە لە ویلایەتی سووریا روویدا، تا سووریا بەهۆی دەسەلاتدارێکی میسری بە سەربەخۆیی بگات، کەچی شکستی خوارد.

ئەمەش لە نیوەی یەکەمی جەنگی جیهانیدا بوو، کە یەکەمین شۆڕشی سەرکەوتووی "ناسیۆنالیستی" بوو، ئەویش ئەو کاتە بوو کە شەریف حوسێن ئیبن علی لە 1916 شۆڕشی کرد و خۆی بە پاشای عەرەبان دانا. هاندەری ئەم شۆڕشە، بەڵێنی ئینگلیزییەکان بوو کە وتبوویان: وڵاتێکی عەرەبی

پێکدێنن، لە ڕۆژهەڵاتی سووریا تا کەنداوی فارس و فەلەستین بگرێتەوە. لە لایەک هەندێک شرۆڤەی جۆراجۆر لە نووسینەکانی حوسێن لەگەڵ سیرهنری ماک ماهون، نوێنەری پایەبەرزی بەریتانیا لە میسردا دەبینرا و لە لایەکی دیکەوە پێکهاتنی بەریتانیا و فەرەنسا، لەسەر بنەمای ئەو وتوویژانەی نێوان سیرمارک سایکس و هینری پیکۆ بوو، بەشێکی گەورەی فەلەستین ڕاستەوخۆ کەوتە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا، ئەوەش بووە هۆکارێک تا عەرەبەکان وا تێبگەن، ئینگلیز و فەرەنسا خیانەتیان بەئامانجەکانی ئەوان کردووە.

هەر ئەو پرسە بوو بە تەوەری سەرەکیی بەربەرەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەب لەگەڵ ڕۆژئاوا. ناسیۆنالیستەکان بەو ئەنجامە گەیشتبوون کە دابەشکردنی نەتەوەی عەرەب بۆ وڵاتگەلی بچووک، ڕەنگدانەوەی سیاسەتێکی ئاگاهانەیە کە دەیهەوێ نەتەوەی عەرەب پارچە پارچە و باڵکانیزە بکات. بەو حاڵەش، کە شەڕ کۆتاییهات، هێشتا بەڕوونی دیاری نەکرابوو کە بەڕاستی زۆربەی ئەو کەسانەی لە شۆڕشی عەرەباندا بەشدارییان کردووە داخوازییان چییە؟ سێ ڕەوت لە ماوەی جەنگدا دروست بوون: پان عەرەب، پان سووریا و پان لوبنان (سێهەمی زیاتر دژایەتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەکرد)، لەو سەردەمەدا ڕوانینی عەرەب بۆ هەموو عەرەبەکانی ڕۆژهەڵات زیاتر بوو، لەگەڵ ئەوەی زۆر لە لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە بوون بە کۆچبەر، هەڵاتبوون و یان لە چەند بەشێک لە وڵاتی میسردا، لە بیری گەیشتن بە دەسەڵات بوون، ئەم وتەیەش ڕاست بوو.

زۆربەی لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە، ئەندامی کۆمەڵە نهێنییەکان بوون و زۆربەیان لە سەردەمی دوای جەنگ پێوەندییان لەگەڵ حیزبی نوێی "سەربەخۆیی عەرەب"دا هەبوو. دیار بوو حیزبی سەربەخۆیی لە فکری پێکهێنانی فیدراسیۆنێکی عەرەبیدا بوون، نەک تەنیا پێکهێنانی وڵاتێکی بە تەواو مانا عەرەبی. ڕوانگەی سووریای گەورە، کە لە لایەن حیزبی یەکیەتیی سووریاوە پڕوپاگەندەی بۆ دەکرا، خوازیاری لوبنان و عێراق بوو، دیمەشق کرابوو بە ناوەندی ئەو وڵاتەوە، بەڵام ناوچەکانی بیابانی عەرەب، میرنشینەکانی کەنداوی فارس، حوسێن (شەریف)یان لە دەرەوەی بەرنامەی خۆیان دانابوو. لایەنگرانی ئەم کۆمەڵەیە لە حوسێن دەترسان، پێیان وابوو مەیلی خۆپارێزانەی ئایینی هەیە (ئورگانی سەرەکیی شۆڕشی عەرەبی ناوی حوسێنی قەبیلە بوو)، لەوەش دەترسان "دەوارنشینە دواکەوتووەکان" لە وڵاتی حوسێن بە پلە و پایەی بەرز بگەن، کە مسۆگەر بوو.

**3ـ گەشەی ئامانجی پان عەرەب:**

تەنیا لە دوو دەیەی 1930، 1940دا بوو بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نووسەرانی سێکولاری نەتەوەخواز، کەسانێک وەک ساتیع ئەلحسری (1882ــ 1968)، کە لە دایک بووی بەغدا و پەروەردەکراوی عوسمانی بوو، میشل عەفلەق لە دمشق، عەبدوالڕەحمان بەزاز لە عێراق، و کنستانتین رزق مامۆستای زانکۆی ئەمریکایی لە بیرۆت وانەی دەگوتەوە. ناسیۆنالیزمی عەرەب خوازیاری پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆی عەرەبی لە مەراکش تا کەنداوی فارس بوو. هەموو ئەو بیرمەندانە، کەم تا زۆر نەتەوەخوازی دەمارگرژبوون، بە بۆچوونی ئەوان، ئیسلام بە مەزنترین دەسکەوتی عەرەب دەژمێردرێ، بەڵام ئامانجی سەرەکی ئەوان پێکهێنانی یەکەیەکی سیاسی بوو کە هەستێک لە

خۆشی و شادی لە نێو خەڵکی عەرەبدا ساز بکا، خوازیاری ئەوە نەبوون وڵاتێک پێکبێنن تەنیا رێگەی ئەوە بە عەرەبان بدا ئەرکی ئایینی خۆیان بە شێوەیەکی تاک یان بە کۆمەڵ بەجێ بێنن.

ئیسلام لە روانگەی ئەوانەوە کەرەسەیەک بوو بۆ گەییشتن بە ئامانجەکانی ناسیۆنالیزم. لەم گۆشەنیگایەوە، کنستانتین رزق بەگشتی لەو بەڵگەهێنانەوەی خۆی راستیدەکرد کە دەیگووت: نەتەوەخوازەکانی عەرەب "پاڵپشتیان سەرچاوە ئاینییەکانە و لەو سەرچاوانە بۆ ئامانج و رێبەریی مەعنەوی، هێز وەردەگرن".

ئەو بەرهەم و نووسراوانە، نیشانەیەکی وەرچەرخان بوون لە چەمکی فەرەنسیی ئازادیی خەڵک بەرەو چەمکی ئەڵمانی. حوسری بەو شێوەیە دەنووسی: "دەتوانین بڵێین سیستەمێک کە دەبێ جێگای سەرنجی ئێمە بێت و هیوا و ئامانجی خۆمان لەو وەربگرین، سیستەمێکی فاشیستییە". پێشنیاری دەکرد دروشمی بزووتنەوەی عەرەب دەبێ بە شێوەی "هاوپێوەندی، پێڕەوی و لەخۆبردوویی" بێت. ئەو وەک وەزیری کۆڕی پەروەردەی عێراق لە دەیەی 1930دا دەسرۆییشتووترین بیردۆزی ناسیۆنالیزمی عەرەب بە ئەژمار دەهات.

سەرەڕای ئەوە، ئەفسەرانی نەتەوەخوازی عێراقی کە لە 1936 لە عیراقی ژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی هاشمیدا بە دەسەلات گەییشتن، لەو بیروباوەڕەی بە گەرمی پێشوازیان دەکرد. لە جۆزەردانی 1941، ئەفسەرانی نەتەوەخواز بە رێبەری رەشید عالی گەیلانی و پشت بەستن بە شکستەکانی بەریتانیا و پێشکەوتنی نازییەکان، بە پشتیوانی حاجی ئەمین ئەلحوسێن، موفتی فەلەستین کە پێشتر بۆ سووریا و پاشان بۆ عێراق هەڵاتبوو، دەستی یەکێتیی بۆ ئاڵمانی نازی درێژ کردبوو، بە مەبەستی وەدەرنانی هێزی بەریتانیا لە عێراق کە بە فەرمی سەربەخۆ بوو، کودەتایەکی ناکامی ئەنجامدا.

لە ناوچەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی (عەرەبی) ناسیۆنالیزمی عەرەب لە قۆناغێکی ناوەنجی دابوو، لە جەنگی جیهانی بە شێوەیەکی سروشتی کەمتر پێشکەوتنی بە خۆوە دی. لە سووریا کە لە ژێر سەرپەرشتی فەرانسەدا بوو، میشل عەفلەق (1910ـ1989) و سەلاح بەیتار (1912ـ 1980) لە دەیەی 1930"دا حیزبی بەعسی عەرەب"یان دامەزراند. ئەم گرووپە هەر بەو ناوە لە ساڵی 1947دا بوو بە حیزبێکی سیاسی و لە ساڵی 1953دا لەگەڵ "حیزبی سۆشیالیستی عەرەبی" کە ئەکرەم حۆرانی دامەزرێنەری بوو، یەکیان گرت و وشەی سۆشیالیزمیان لە سەر ناوی خۆیان دانا، سەرەرای ئەوە، ئەوان لە هەڵبژاردنەکان، تەنانەت لە سەردەمێک کە لوتکەی گەشەسەندنی پان عەرەبیزم بوو، لە دەیەی 1950دا نەیاندەتوانی رکەبەرایەتی دوو حیزبی سەرەکی سووریا واتە "بەرەی نەتەوەیی" و "حیزبی خەڵک" بکەن، کە پتر سەرنجی مەسەلەی نێوخۆیان دەدا. هەر ئەو دۆخە لەوێ بە پێچەوانە بوو. دوو حیزبی ئەسڵی کە لە لایەن لایەنگرانی حوسێن و نەشاشیبی رێبەری دەکران، کەم تا زۆر تەواو بە سەر رووداوەکانی فەلەستیندا زاڵ بوون.

بەڵام ناسیۆنالیزم لە دەیەی 1930 لە میسر لایەنگری زۆری پەیدا کرد. تا دەیەی 1930، رۆشنبیرانی میسری پتر نیشتمانپەروەرانە بایەخیان بە پرسەکە دەدا، هۆگری مەزنایەتی و رابردووی سەردەمی فەراعینەی میسر نەبوون. بەڵام بیردۆزانی وەک ابراهیم عبدالقدیرالمزینی و عەبدالرحمان الوهاب حاشایان لە بنەمای رەگەزی

کۆمـەڵگـای میـسری سـەردەمـی فـەراعێنـە میـسری دیـرین دەکـرد. میـسریان لـە بـواری"الوبـا" زمـانی هاوبـەش، راز و چیرۆکـی هاوبـەش، دابونـەریتـی هاوبـەش، مـەینـەتـی و هیـوای هاوبـەش، بـەراورد دەکرد، کە بەراورد لەگەڵ خەڵکی دیکەی عەرەب، لای ئـەوان گرنـگ نـەبـوو. ئاماژەی "الوبا" بـەربـەرەکانی ئیسرائیل بوو لە فەلەستین کە جێگری ناسیۆنالیزمی تـورک بـوو، لـەو سـەردەمـەدا بـە تـۆخترین خـاڵی پێوەندیی ناسیۆنالیزمی عەرەب دەژمێردرا.

ئەم بیردۆزانـە نـە تـەنیا لـەو باوەڕەدا بـوون کە میـسرییەکـان عـەرەبـن، بـەڵکـو لایـان وابـوو میـسر ناوەندی بزووتنـەوەی عـەرەبـە و محمدعلی پاشا و کـوڕەکـەی ئیبـراهیم، بـۆ رزگـاری عـەرەب لـە ژێـر دەسـەڵاتی عوسـمانیدا خـەبـات دەکـەن، ئـەمـەش بـە شۆڕشـی نـوێی عـەرەب لـە قـەڵـەم دەدرێ. خـەبـاتی ئەوانە لە سوودان، عەرەبستان، رۆژهـەڵاتی هیلالی خـەسـیب، لـە دەیـەی دووەم و سـێهەمـی سـەدەی نۆزدەهەم وەک هـەوڵدانێکی بوێرانـە بـۆ یـەکخستنی خـــەڵکـــی بـــەربـــڵاوی عـــەرەب لـــە ژێـــر بـــاڵی دەسەڵاتدارێکی سەربەخۆدا وێنا دەکرا. بێجگە"اعظم" هێشتا زۆربەی نەتەوەخوازەکانی میسر باسیان لـە یەکبوون یا ئۆردووگای عەرەبی یا یەکیەتی وڵاتانی عەرەب دەکرد، نەک وڵاتگەلی سـەربـەخـۆی عـەرەب. لەراستیدا، پاش پێکهاتنی یەکێتیی عـەرەب لـە قاهیرە لە 1945 بە پشتیوانیی بەریتانیا، هـەر ئـەم روانگـەیـە جێگیر بوو. ماددەی8 لە راگەیێندراوی ئەم یەکێتییە کـە ئامـاژە بـە دەسـتێوەرنـەدان دەکـا، بـە بۆچـوونی بەرهـەمی درێژخایـەن، پێدەچـێ گرینگترین مـاددەی ئەو راگەیێندراوە بێت: "هەر کام لە ئەندامەکان دەبێ رێـز لـە سیستەمـی حکوومـەتـی جێگیـر لـە وڵاتـانی دیکـەدا بگرن، سیستەمـی حکوومـەتـی هـەر وڵاتێـک دەبێ بە کێشەی ناوخۆی ئەو وڵاتە بزانێ. ئەرکی هەر ئەندامێکە خۆی بپارێزێ لە هەر کردەوەیەک کە ئامانجی گۆڕینی دەسەڵاتی جێگیر لە وڵاتانی دیکەدا بێ " جێگـای سـەرنـج ئـەوەیـە، ئۆرگـانی سـەپانـدنی یـەکێتیی عـەرەب، لـەتلـەتبوونی نـەتـەوەی عـەرەبـی سەقامگیر کرد.

### 4. بەرزبوونەوەی ئاستی پان عـەرەبیـزم لـە کاروبـاری سیاسیدا:

بـەم شـێوەیـە، زوڵمێـک کـە لـە ئاکـامی پێکهـاتنی ئیسرائیل لە خەڵکی فەلەستین دەکرا و مـەترسییەک کـە رووبـەرووی جیهـانی عـەرەب دەبـۆوە، بـەس نەبوو، تا ئایدۆلۆژی کەمینە کە تازە لـەژێر تیشکی بزووتنـــەوەی ئایـــدیۆلۆژی دیکـــە وەک ئیخوانولموسلمیندا بوو، لە دوو دەیەی 1950و 1960 بتوانێ ببێ بە هێزیکی گرینگی باوەڕ. ئـەم رەوتـە کاتێـک روویـدا کـە رێکخـراو و بزۆتنـەوەگـەلـی نەتەوەخوازی عەرەب، کە هەرگیز لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتوو نـەبوون، لە خزمـەت کـەسـانێکدا بـوون کـە پتـر لـە ریگـەی نایاسـایی و کـودەتـاوە، لـە سـەردەمـی پاش جـەنگی دووەمـی جهانی بـوون بـە هێزترین رێبـەرانـی عـەرەب، رێبـەرانێک کـە بـنج و بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنییان لە میسر و عیراق و سـووریا لـەنێو بـرد، لـەوانـە گرینگترین کـەسـایەتـی جـەمـال عـەبدوالناسر (1918ـ1970) بـوو کـە لـەگـەڵ ئەفسەرانی ئازاد لە کودەتـای 23ی رێبـەندانی 1952 لە میسر دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرت.

سـەرهـەڵدانی ناسیۆنالیزم لـە سـووریا و عێراق رەوتێکـی ئـاڵۆز بـوو، لـەو دوو وڵاتـە لـەمێـژ بـوو بـەربـەرەکانییـەکـی تـۆخ لـە نێـوان سـەرکـردە بەرزەفڕەکانی سوپا و حیزبی بەعس لە ئارادا بوو.

حیزبی بەعس لەگەڵ ئەفسەرانی سوپا پێوەندی بیروڕا و ڕێکخستنی جیاوازیان هەبوو. سەرچاوەی جەماوەریان جیاواز و کێشەی لەمێژینەیان هەبوو. دەتوانین بڵێین ئەگەر حیزبی بەعس سەرنەکەوتبا، یا وەک کەرەسەیەک ئایدیۆلۆژی لە خزمەت خەباتی نهێنی کەسانیکدا با کە پاشان بە دەسەلات گەییشتن و بەعسیزم کرا بە بیروڕای فەرمیی وڵات، لەوانەیە تووشی چارەنووسی گرووپگەلی وەک "القومیون العرب" ببان.

ئەو گرووپانەی لە سەرەتای دەیەی 1950 لە بەیرووت و عەممان دروستبوون، هەرگیز لە شێوەی گرووپێکی لاوەکی و پەراوێزەوە نەهاتنە دەرێ. هۆی سەرنەکەوتنی ناسیۆنالیزمی عەرەب پتر ئەوە بووە: هەر کە چالاک دەبوون، زۆربەی ئەفسەرانی سوپا لە گەڵیاندا نەدەبوون. لە لوبناندا زۆربەی ئەفسەرانی سوپا لە ماروونییەکان بوون، هەندێ لەو کۆمەلانە ئەمەکداری روانگەی رکەبەری ناسیۆنالیزم بوون، لە ئوردۆن هێزە چەکدارەکان پتر وەفاداری شا بوون، بڕوایان بە حیزب و گرووپگەلی پان عەرەبیزم نەبوو. جێگای سەرنج ئەوەیە: تەنیا لە ئۆردۆن ئەو حیزبانە لە هەڵبژاردنێکی تا رادەیەک ئازاد، لە ئوکتوبری 1956 سەرکەوتن. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک سلێمان نابلسی دەولەتی پێکهێنا، پاش ماوەیەک بە کوودەتایەکی سەربازی لابرا. لە بەشەکانی دیکە، سەردەمی ناسیۆنالیزمی عەرەب، لە پرایتۆری عەرەب دەچوو، کە هیچ کام لە دەسەلاتداران و رکەبەرانیان دەربەستی یاسا نەبوون. (لە رۆمی کۆن پرایتۆرەکان بەردەوام پێکەوە ناکۆک بوون، بۆ گەییشتن بە دەسەلات دژی یەکتر، پیلانیان دەگێرا)، ناسیۆنالیزمی عەرەب تەنیا لە رێگەی هەرەشە و پیلانگێران، بوو بە ئایدیۆلۆجیی فەرمی هەندێک لە وڵاتە عەرەبنشینەکان و پشتیوانی کۆمەلانی خەڵک لەم رەوتە کاریگەرتر نەبوو.

**5ـ لە نەتەوەیی کردنی کاناڵی سوێس تا پێکهاتنی کۆماری یەکگرتووی عەرەب:**

کاتێک کە عەبدولناسر، رێبەری بەرەی دژ بە هەولی رۆژئاواییەکانی وەستۆ گرت، بۆ هێنانی وڵاتانی عەرەبی بۆ ناو پیلانەکانی شەڕی سارد، بە مەبەستی کۆنترۆلکردنی یەکێتیی سۆڤییەتی، ناسیۆنالیزم لە جیهانی عەرەبدا گەشەی سەندبوو. سەرەتای ئەم گەشەسەندنە، سەرماوەزی 1954 بوو کە بەریتانیا هەولیدا ئوردن و عیراق بۆ هاتنە نێو پەیمانی بەغدا هان بدا. پرسەکە درێژەی کێشا و لە بەفرانباری 1956 ناسر بە هەراو هوریا، خۆماڵیکردنی کاناڵی سوئیسی راگەیاند، پاش ئەوەی هێزەکانی ئیسرائیل، ئینگلیز و فەرانسە لە رەزبەر و خەزەڵوەری دوایی هێرشیان کردە سەر کاناڵی سوئیس، ناسر رایگەیاند بەرگری لە کەناڵی سوئیس دەکا، ناسیۆنالیزمی عەرەبی بە لوتکەی خۆی گەییشت. بەڵام دڵگەرمیی کۆمەلانی خەڵک رێک نەخرا و خێرا کۆتایی پێهات. وێدەچێ لە بنەڕەتدا ناسیۆنالیزمی عەرەب لەسەر بنەمای دژایەتیکردنی رۆژئاوا بوو بێت. سەرەڕای ئەمانە، گوشاری گشتی بە رادەیەک بوو کە تەنانەت سیاسەتوانانی نانەتەوەخوازی سووری هاتنە سەر ئەو باوەڕە، سووریا لە رێبەندانی 1958 لەگەڵ میسر و کۆماری یەکێتیی عەرەب یەکبگرێتەوە. بەو گریمانەیە کە ئەم یەکێتییە کاکڵی ناوەندی وڵاتی داهاتووی عەرەبان پێکدێنێ.

بەڵام بە پێچەوانەوە، یەکێتیی نە تەنیا پەرەی بە شەڕی سارد نێوان کۆمارە توندرەوەکان و

وڵاتگەلی پاشایەتیدا، بەڵکو بوو بە هۆی شەڕ لە نێوان کۆمارە توندڕەوەکاندا. هەر بۆیە بۆ عێراق پێشبینی دەکرا پاش کودەتای ئەفسەرانی ئازاد بە ڕێبەریی عەبدولکەریم قاسم کە بە شێوەیەکی خوێناوی لە ساڵی 1958دا کۆتایی بە دەسەڵاتی بنەماڵەی هاشمی هێنا، لە بەفرانباری (1958) بچێتە ناو ئەو یەکێتییەوە، بەڵام پاش ماوەیەک بوو بە یەکێک لە تۆخترین دوژمنانی میسر. کاتێک هێزە سەربازییەکانی سووریا لە سەرماوەزی1961دا کودەتایان کرد و کۆتاییان بە تەمەنی کۆماری عەرەبی هێنا، خولیای یەکێتیی بە گشتی لێکترازا و پەرش و بڵاوبوو. هەوڵێکی دیکە درا بۆ یەکێتیی میسر و دوو ڕێژیمی بەعسی کە لە 1963 لە عێراق و سووریادا بە دەسەڵات گەییشتبوون، بەڵام بە هۆی دوژمنایەتی نێوان هەر سێ وڵاتەکە، ئەو هەوڵەش بە خێرایی شکستی هێنا. تەنانەت پێگەی ناسر لە بەڕێوەچوونی یەکەمین کۆنفرانسی سەرانی عەرەب لە سەرەتای ڕێبەندای 1964دا نەیتوانی ئەو دووبەرکییە قووڵەی نێوان عەرەبان بشارێتەوە، کە لە بواری پێوەندی نێوخۆیی و ستراتیژی بەربەرەکانی ئیسرائیلدا هەیانبوو، کە ڕۆژ بەڕۆژ بەهێزتر دەبوو.

سەرکەوتنی ئیسرائیل لە شەڕی 6 ڕۆژە لەگەڵ میسر و سووریا و ئوردندا، گورزێکی کاریگەری لە ناسیۆنالیزمی عەرەب وەشاند. هەر چەند لە کۆنفرانسی خەرتوم لە سەرماوەزی 1968 کە لە سوودان پێکهات، ناسیۆنالیزمی عەرەب گیانێکی تازەی هاتەوە بەر.

بەڵام ئەو زیندووبوونەوەیە تێژتێپەڕ بوو، لەم کۆنفرانسەدا وڵاتگەلی عەرەب سوێندیان خوارد، کە لە پێناوی نەتەوەی عەرەبدا درێژە بە خەباتی شێلگیرانەی خۆیان دژی ئیسرائیل بدەن و تەنیا خوازیاری ئەو شوێنانە نەبن، کە ئیسرائیل لە کاتی شەڕدا داگیری کردبوون.

بەڵام پاش کۆچی دوایی ناسر، دەسپێکردنی برەوی نەوت، مەزنایەتیی عەرەبستان بە شێوەی کاتیی، بۆ جێگیرکردنی سیستمی نیشتمانی ڕێبەریی عەرەبەکانی وەستۆ گرت، ئەویش بە لەدەست چوونی ئامانجی پان ـ عەرەبی. بە بەستنی پەیمانی ئاشتی نێوان میسر و ئیسرائیل لە 1978 لە کەمپ دیڤید، خاوەن بیر و بیردۆزانی دەستیان کرد بە هێنانە گۆڕی ئەو پرسیارە، کە ناسیۆنالیزمی عەرەب هێشتا هەر زیندووە.

ئەگەر ناسیۆنالیزمی عەرەب هێشتا هەر زیندووە، ئەگەر ناسیۆنالیزمی عەرەب وەک ئامانجی پێکهاتنی وڵاتێکی سەربەخۆی عەرەبی لە قەڵەم بدرێ، ئەوا وێدەچێ وەڵامی ئەو پرسیارە، ئەرێنی بێت. بەڵام ئەگەر ناسیۆنالیزمی عەرەب بە شێوەی ئاسایی وەک نەتەوەی عەرەب کە لە چەند وڵاتی عەرەبی پێکهاتووە لە قەڵەم بدرێ، دەبێ بگوترێ کە هێشتا بە شێوەی ئایدیۆلۆژیی بەهێز، لانیکەم لە نێوان زۆربەی لە ڕۆشنبیرانی سێکولار و بەرپرسانی دەوڵەتگەلی عەرەب، ئەو بایەخەی خۆی هەر ماوە و پێدەچێ ناسیۆنالیزمی عەرەب لە بواری سیاسیدا سەرکەوتبێ، بەڵام وەک ئامانجێک هێشتا هەر زیندووە.

**6. ناسیۆنالیزمی سووریای گەورە:**

ناسیۆنالیزمی سووریا پێوەندی بە ئایدیۆلۆژی گرووپ و گەمەکەرانی سیاسی جۆراجۆرەوە هەیە، کە زۆربەی دانیشتوانی سووریا و لوبنان بە ناعەرەب و زیاتر بە ڕەگەزی فینیقی دەزانن. لە

نێوان نەتەوەخوازانی سووریا و ناسیۆنالیستە عەرەبەکان، وەک مەلیک عەبدوڵڵا یان ئەندامانی حیزبی سەربەخۆیی کە زیاتر لە سەردەمی نێوان دوو جەنگی جیهانیدا خوازیاری پێکهاتنی وڵاتێکی سووریای عەرەبی بوون، دەبێ جیاوازییەک لەبەر چاو بگیردرێ، ئەویش ئەوەیە: ناسیۆنالیزمی سووری پاش جەنگی یەکەمی جیهانی لەو ترسە پێکهات، نەکا بنەماڵەی هاشمی وڵاتێکی عەرەبی پێکبێنن و دیمەشق ببێ بە ناوەندی ئەو وڵاتەوە.

لایەنگرانی ئەوە زیاتر کۆچبەرەکانی سووری دانیشتووی میسر، نەرویج و ئەمریکا بوون. ئەم گرووپانە، پاش کۆتاییهاتنی جەنگی سارد، لە باتی خوازیاری پێکهاتنی "سووریایەک بن بۆ سوورییەکان"، نوێنەرەکانی خۆیان بۆ کۆنفرانسەکانی ئاشتی بەرێدەکرد تا نارەزایەتی بەرامبەر ناسیۆنالیزمی عەرەب بە رابەرایەتیی هاشمییەکان نیشان بدەن. بەڵام ئەوان نەیاندەتوانی پێش بە پێکهاتنی حکوومەتی عەرەبی سووریا لە 1919 بگرن، تەنانەت نەیاندەتوانی پاش رووخانی ئەو حکوومەتە لە ڕێبەندانی 1920، حیزبگەلی سیاسی و پارێزگاری خۆماڵی هان بدەن بۆ پشتیوانی ناسیۆنالیزمی بەرتەسک و پاوانخوازانەی خۆیان.

بەو شێوەیە، ناسیۆنالیزمی سووریا پاش ئەوەی ئانتون سەعادە (1902- 1949)، کلێسای ئۆرتۆدۆکسی یۆنان "حیزبی ناسیۆنالیستی سووری" لە بەیرووت دامەزراند، حیزبێک کە لە ساڵی 1947دا وشەی" کۆمەڵایەتی"شی لەسەر ناوەکەی خۆی زیاد کرد، گیانێکی تازەی بەخۆوە گرت. ئەم حیزبە خوازیاری پێکهاتنی خێرای سووریای گەورە بوو، کە سووریا، لوبنان، ئوردن و لە کۆتاییدا عێراقیش بگرێتەوە. لە ئاکامدا، کتوپڕ لە لایەن بەرپرسانی حکوومەت. سەرپەرستیی فەرانسە، بە نایاسایی راگەیێندرا. ئانتۆن سەعادە بۆ ئیتالیا و ئاڵمان هەڵات و لەوێ کاریگەری زۆری لە ئایدیۆلۆژی ئەوان وەرگرت.

ناوبراو لە ساڵی 1947 گەڕایەوە لوبنان و گیرۆدەی کاروباری سیاسیی سووریا بوو، لە ساڵی 1949 لەگەڵ فالانژەکانی لوبنان شەڕی کرد و لە ئاکامدا ناچار بوو هەڵبێ بۆ سووریا و خوازیاری پەنابەری سیاسی بێت. بەڵام لە باتی ئەوە راپێچی لوبنان کراو هەر لەوێ پاش دادگایەکی سوپایی لە ڕێبەندانی ئەو ساڵەدا، لە سێدارە درا. حیزبی ناوبراو لە ژێر کاریگەری سەرهەڵدانی فاشیزمدا بوو. لە بواری رەگەزپەرستی، توندوتیژی و دژایەتی پان عەرەبیزم، لە کەسانی پێش خۆی زۆر زیادەڕەوتر بوو.

پاش لە سێدارەدانی سەعادە، حیزب بە توندی گرفتاری سیاسەتی سووریا و بەرەبەرکانیی توندی نێوان هێزە سەربازییەکان و گرووپگەلی بەستراو بەو حیزبە و حیزبی بەعس بوو. بەڵام مردنی سەعادە و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی عەرەب، هۆکاری دابەزینی ئەو بزووتنەوەیە بوون. پاشان تێکۆشانی ئەو حیزبە لە لوبنان و بەیرووت رووی لە کزی کرد. رۆڵێکی کەم، بەڵام توندوتیژی وەستۆ گرت، سەرەتا لە چوارچێوەی هێزێکی راستڕەو هاوپەیمانی ئوردن خۆی نیشان دا و پاشان لە ساڵی 1975 لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕی نێوخۆیی، وەک ئەندامێکی بەرەی چەپ دەرکەوت و درێژەی بە رەکەبەری لەمێژینەی خۆی واتە فالانژەکان و گرووپگەلی دیکەی مەسیحی دا.